# زەرد زەردتكی گرتیە و كەسیكیش خەریكی گیاخواردنە!

دارا خونچە

ئەگەر وە پێی پێوانە و پێوەری فەرهەنگی زانستی رامیاریی و لە روانگەیەكی رەخنەیی بێ لایەنانەوە بروانینە ئێستای پێكهاتەی كوردستانی پارچەی باشوور كە نێزیكەی سەت ساڵە لە لایەن دەوڵەتی عێراق داگیركرایە ناتوانین وەك قەوارەیەكی رامیاریی دەسەڵاتداریی سەردەم پێناسەی بكەین.. واتە كوردستانی باشوور - وە جودا لەوەی رامیاریی نێودەوڵەتیی و دامودەزگە نێودەوڵەتییەكان ملهوڕانە وە هۆی بەرژەوەندییە ئابووریی و جیۆرامیارییەكانیان وە شێوەی فەرمیی دانیپێدانانێن - دەگەڵ ئەوەی هێز و توانایەكی مادیی و دامودەزگەی هەیە قەوارەیەكی ستانداردی نیشتیمانیی نییە.

لێرەدا لەو خاڵە زۆر گرنگ و ئەرێنییە نادوێین وەك رێكەوتەكی رامیاریی لە ژێر گوشاری خەڵكە رامیارییە نەتەوەیی و چەپگەرییەكانی كوردستان لە نێو ئەو دەسەڵاتە قەرەقوشیی و گەندەڵكارەی كوردستان تۆماركرا ئەویش "گشتپرسیی"ەكە بوو كە لە مێژووی خەبات و تێكۆشانی خەڵكی كوردستان وەك مەزنترین دەستكەوت جێی خۆی گرت، بەڵكە كرۆكی بابەتەكەمان لەسەر ئەوەیە كە لەبەرچی كوردستان وە هەردوو دەڤەرەكەیەوە بەو شێوەیەی وەسەرهات؛ ئێستا دەڤەری زەرد زەردتكی* گرتیە.. واتە وەك كەسەك كە نەخۆشیی زەردتك دەگری بێجگە لەوەی زۆر بێ هێز و بێ بار دەبی و هەموو لەشی دادەهێزرێ ناتوانی كار و پەیوەندییە رۆژانەییەكانیشی رابپەڕێنی و وە تەواویی لە خەڵك دادەبڕێ!؟ دەڤەری كەسكیش هەر خەریكی گیاخواردنە.. واتە وەك ئاژەڵەكی پەككەوتە و بێ خاوەن لە هەر جێیەك پارچە گیایەك ببینی خۆی دەگەیەنتێ و زگی خۆی لێ تێر دەكا و ئیدی وەدوو پارچە گیایەكی دیكەدا دەگەڕێ!؟

هەڵبەتە هەگەر بمانەوێ بەرسڤی ئەو پرسیارەمان دەستبكەوێ ناكرێ كارتێكردنە مێژووییەكە لەو بارەیەوە نادیدە بگرین كە ئەویش وەسەر سێ قۆناغ دابەش دەبی:

یەكەم: هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی و سەفەویی لە چارچێوەی ململانێیەكانیان لەسەر دابەشكردنی ناوچەكان زۆر وە چڕیی كاریان لەسەر ئەوە كرد كە دەڤەری هەولێر وە بادینانەوە لە بەرانبەر دەڤەری سلێمانی وە گەرمیانەوە بكەنە دوژمنی یەك.. ئەوەش تا رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەكان درێژەی كێشا، سەرەنجام زۆر سەركەوتووانە توانیان هەردوو دەڤەرەكە وە تەواویی لە یەك دابڕن و هەردەم وەك دوو هێزی چەتەگەریی "شەڕی بریكاریی"ان پێدەكردن!

دووەم: حكومەتە یەك لەدوو یەكەكانی عێراق هەر لە دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە تا رووخانی رژێمەكەی سەدام وە شێوەیەكی سەردەمیانە كاریان لەسەر قوڵكردنەوەی ئەو دابڕانە كرد، سەرەنجام توانیان زۆر سەركەوتووانە لە ساڵی ١٩٦٦ەوە تا راپەڕینی ١٩٩١ هەردوو دەڤەرەكە لە نێو شەڕی نێوخۆ و ململانێیەكی زۆر بێزەوەری رامیاریی دابتەپێنن!

سێیەم: ئەو دابڕانە دووروودرێژە پڕ لە شەڕوشۆڕە بووە یەك فەرهەنگی رامیاریی و كۆمەڵایەتیی ئیدی خەڵكی كوردستان لە راپەڕینی ١٩٩١یش كە كوردستان لەبەردەستی خۆیان بوو نەیانتوانی خۆیانی لێدابماڵن، سەرەنجام هەردوو دەڤەری كەسك و زەرد لەسەر بنچینەی ئەو فەرهەنگە دامەزران، تا ئێستاش ئەو دابڕان و شەڕە نێوخۆیە وە شێوەی چەكداریی و رامیاریی درێژەی هەیە و زۆر وە زەقییش لە هەردوو ناپاكییەكانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ی پارتی و ١٦ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٧ی یەكێتی وەدەركەتن!

هەڵبەتە هۆكاری نەبوونی ئەو قەوارە رامیارییە و نەخۆشكەتنی دەڤەری زەرد وە زەردتك و خەریكبوونی دەڤەری كەسك وە گیاخواردنەوە هەر تەنێ ئەوە نییە كە یەكێتی و پارتی و وە ناو بەرهەڵستكارەكان خراپ و بێ كەڵكن بەڵكە ئەوەشە كە وە شێوەیەكی گشتیی خەڵكە رامیارییەكەی

کوردستان زۆر ناڕۆشنبیرن و نەزانن و خەڵکە رۆشنبیرەکەشی فڕیان وەسەر زانستی رامیارییەوە نییە.

ئیدی چارەسەی ئەو پرسە لە نێو ئەو هەلومەرج و بارودۆخانەی باشوور کە دابڕانەکە لەوپەڕی دایە و هەردوو دەڤەرەکەش بەو پەڕپووتبوونەیان لەبەردەستی هێز و لایەنەکان کە تا دێ باشوور لەوە دووردەخەنەوە بتواندرێ وەک قەوارەیەکی رامیاریی پێناسەبکرێ هەروا هەبوونی ئەو بار و ئاستە نەرێنییەی خەڵکە رامیاریی و رۆشنبیرەکە کە ئاماژەم پێیدا.. کارەکی هێندە ئاسان نییە، لێ سەرەڕای هەموو ئەوانەش خەڵکی باشوور کە وە شێوەیەکی گشتیی پتر لە نیو سەدەیە هەردەم لەسەرپێ و لە نێو شۆڕشدا بووە و لە رووی رامیارییشەوە هەمیشە پێشەنگ بووە لە نێو سەرجەم بزاڤی رزگارییخوازیی کوردستان و زۆر قۆناغی قورس و سەختیشی تێپەڕاندیە.. ئەگەر لە باری ئێستایدا دەست وە ئەنجامی گشتپرسییەکەیەوە بگری و وە شێوازەکی لێزانانە خۆی لەو دەسەڵاتە داگیرکەرەی عێراق دابڕی هاوکاتیش 'پەکەکە' کە ساڵانەکە لە نێو تەرازووی هێزەکانی کوردستان و ناوچەکە پارسەنگی خۆی هەیە وانەی پێویست لە سەرکەوتن و نشوستییەکانی باشوور وەربگری و بەرپرسانە هەڵسوکەوت دەگەڵ پێشڤەچوونە رامیارییەکان بکا نەک هەر بیەوێ هەژموونی خۆی بسەپێنی و دەستکەوتەکانی باشوور جارانی سفر بکا و شکستییەکانیشی جارانی دوو و پتر بکا.. ئەوە دڵنیام لە ماوەیەکی نێزیکدا هەموو ئەو کۆسپ لەمپەرانەی لەبەردەم باشوور هەن هەڵدەتەکێندرێن و سەرجەم بزاڤی رزگارییخوازی کوردستانیش قەڵەمبازەکی گەورە دەهاوێژێ.

---

* زەردتک: نەخۆشیی زەردوویی.

٢٠٠٨/٣/٣

daraxunce@yahoo.com